حەماس وەڵامی نەتەنیاهۆ دەداتەوە: هیچ ڕاستییەک لە وتەکانتدا نییە

سەرکردەیەکی بزوتنەوەی حەماس لە لێدوانێکی کورتدا وەڵامی بینیامین نەتەنیاهۆ، سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلی دایەوە و ڕایگەیاند، حەماس پابەندە بە ڕێککەوتنی ئاگربەستەوە کە لەلایەن نێوەندگیرییەکانەوە ڕاگەیەندراوە، جەخت دەکاتەوە کە وتەکانی نەتەنیاهۆ "ناڕاستن".

عیززەت الرشق، سەرکردە لە بزوتنەوەی حەماس لە لێدوانێکی کورتدا لەسەر ئەپڵیکەیشنی تێلێگرام ڕایگەیاند، "حەماس پابەندە بە ڕێککەوتنی ئاگربەستەوە کە لەلایەن نێوەندگیرییەکانەوە ڕاگەیەندراوە".

لای خۆیەوە، سامی ئەبو زوهری، سەرکردەی بزوتنەوەکە پابەندبونی بزوتنەوەکەی بە ڕێککەوتنی ئاگربەستەوە دوپاتکردەوە کە ئێواری دوێنێ چوارشەممە ڕاگەیەندرا، "تۆمەتەکانی" بنیامین نەتەنیاهۆ، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی ڕەتکردەوە کە دەڵێت، بزوتنەوەکە پاشەکشەی لە بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە کردوە.

ئەوەشی وت، "بانگەشەکانی نەتەنیاهۆ هیچ بنەمایەکی نییە، سەبارەت بە پاشەکشەی بزوتنەوەکە لە بڕگەکانی ڕێککەوتنی ئاگربەست"، داوای لە ئیدارەی ئەمریکا کرد "داگیرکەر ناچار بکات بە

ج□ب□ج□کرد نی □□کک□و تن□ک□".